شەونم

هۆنراوەی (8)

بلبلی برگ گلی خوشرنگ در منقار داشت

بولبولێکی دڵ بەخەم نابوویە دەم بەرگی گوڵێ
بەو نەوا و بەرگەش دەناڵێ هەر دڵێك و سەد کوڵێ
پێم وت ئاخر تۆ بە مەخسوودت گەیشتووی چت دەوێ
پێی وتم نازی گوڵم وای ڕێ نیشان دام هەووەڵێ
هاودەمی ئێمەی ئەگەر پێ عەیبە یار قەیدی نییە
چون گەدا لای پادشا وەك توێکڵە لای کاکڵێ
یار و غەمزەوناز و ئێمە و خوازەخواز یەك ناکەوین
خۆش بە حاڵی ئەو کەسەی ئەستێرەکەی بەختی هەڵێ
هەستە با گیانمان فیدای نەخش ئافەرینێکی بکەین
ئەو هەموو نەخشەی وەدەر ناون لە پڕگار و گڵێ
گەر مریدی ڕێی ئەوینی بیری بەدنێوی مەکە
شێخی سەنعان خەرقەکەی نابۆ گرۆی داوای دڵێ
خۆش بە حاڵی ئەو مریدەی وا بە هۆی سەیر و سلووك
زیکر و تەسبێحی فریشتانی دەنا ژێر باخەڵێ
چاوەکانی حافزی لای قەسری یاری چەشنی حوور
عەینی جۆی جەنناتە جاری و چاوەکانی هەڵقوڵێ

حافزی حەقیقی